**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی هەردوو برگەی (1 و 5) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو، و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتی ئاسایی ژمارە (18)ی رۆژی 2010/6/23 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( 7 )ی ساڵی 2010

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( 14 )ی ساڵی 1993

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی سی و دووەم هەموار دەکرێ و ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد دەکرێ و دەبێتە بڕگەی (3) بۆی:
حوکمەکانی یاسای خزمەت و خانەنشینی مەدەنی کارپێکراو لە هەرێم ئەو فەرمانبەرانەی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیانەی هەرێمیش دەگرێتەوە کە پێش جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (43)ی ساڵی 1989 دامەزراون و لەخزمەت کردن بەردەوامن.

**ماددەی دووەم:**

ئەمەی خوارەوە بۆ سەر یاساکە زیاد دەکرێ و دەبێتە ماددەی سی و سێیەمی (دووبارە):
مافی ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی بڕگەی (3) لەماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنیشنی و بیمەی کۆمەڵایەتی سەر بەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی سەر بە وەزارەتی دارایی هەرێم دەگوازرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**محمد قادر عبداللە**

**( د. کەمال کەرکووکی )**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی

بۆ ئەوەی بەشخوراوی توێژێك لە کارمەندانی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم، لەوانەی کە لە پێش جێبەجێ کردنی یاسایی ژمارە (43)ی ساڵی 1989 لە خزمەت کردن بەردەوامن، هەڵبگیرێت و حوکمی یاساکانی خزمەت و خانەنشینی مەدەنی بەرکار لە هەرێم بیانگرێتەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 7 ی ساڵی 2010 لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.